# سێو رێژ



ئیدریس عەلی

باران لە درزی هەورەکانەوە سەرەتاتکێ دەکەن

لەناکاو دائەکەنە پڕمەی بارین..

سێو رێژ بەچەترێکی سوورەوە دێتەنێو باخ..

گوێ دەگرێت

لەهاژەی وەرینی گەڵا..!

لە خشەخشی بێدەنگی گیا..لەجرتو فرتی رەشەبا..!

لەچپو هوڕی درەخت.. لەورتەورتی تەنهایی..!

لەنازو مەکری هەنار.. لەقوڵپە قوڵپی جۆگەلە..!

لە حیلکە حیلکی شەونم.. لە لێزمەی داکردنی چاوەڕوانی..!

سێورێژ بەژێر باراندا رێدەکات

لەسەر خاکی تەڕی دڵنیایی هەڵدەخلیسکێ،

بیر دەکاتەوە:

هێندەی دەست بردن بۆ بۆڵێك ترێ.. لەنێو چنگی تاریکیدا..

هێندەی کردنەوەی پەنجەرەیەك لە " با"

کاتێ بەغرورەوە خۆی دەکات بە ژووردا

پەڕە پەڕە خەیاڵی باخ دەشێوێنێ،
هێندەی فەرموو کردن لە چۆلەکەیەکی پەڕوباڵ ئارەقاوی
کە بەنیازە خۆی لە سەوزایی درەختەکان هەڵکێشێ..
هێندەی دووری ئەستێرەیەك
کە لەباوێشکی بەیانییەکی بەهاردا
دەتکێتە چاوی منالێکی نەخۆشەوە،
هێندەی داکرماندنی نوقلێکی ترش
کە زاری غەریبێك پڕ دەکات لە ئاوی ئومێد..
هێندەی تەوقەکردنێکی هاکەزایی
کەئێواران لەگەڵ چایچیەکی قسە شیریندا دەیکات..
هێندەی پێکردنی جگەرەیەك
بەلێوی پیاوێکی ئیختیارەوە..
هێندەی ماچکردنی لێوی عیشق
بەدزی ترسو شەرمەوە..!
سێو رێژ بیر دەکاتەوە..و دێتەوە یادی:
سەرەتای رووبار.. زنەیەك بوو بزێو،
رۆژگارێك دارستان نەمامێ بوو عازەب..
ژیان چیرۆکێك بوو کورتو پوخت..
مردن مەتەڵێك بوو ساناو ساکار،
دەزانێ سەرەتای باخچە
ئینجانەیەك بوو پڕ لەتۆوی عەیار..
ئاسمان هەتا ئەوپەڕی ئاسمان... هەر ئاسمان بوو..!
بیری دێت.. سێورێژ بیری دێت
یەکەم دلۆپە رەنگی شیعر لەکوێ پژا،
یەکەم بزیسکی عیشق کێی سوتاند،
تریەی یەکەمین دلۆپە باران
دڵی چ موسافیرێکی غەمباری داخورپاند،
توڕە بوونی یەکەمین خودا
چ نەفرەتێکی لە رۆحی ئینسانا چاند..!
سێو رێژ دەپرسێ:
کێ.. دەستی نزای هەتا لای سێو هەڵبڕی؟
کێ.. دووعای رەشی لە لەگوڵەکان کرد کرد؟
کێ.. ویستی تادواین وێسگەی سەفەر

منالّیەبزێوەکانی سەرشانی دانەگرێت؟
سێو رێژ بەدەم رەنگکردنی درەختەکانەوە
بەدەم ئاورشێن کردنی بەردەرگای خەیاڵەوە
دەڵێت:
کێ بوو .. کێ بوو
لێوی گێلاسی بەبزەی شەڕ سور کرد ؟
کێ لاولاوی گریانی فێرکرد
هێور هێور بەپەنجەرەی  چاوەڕوانیا هەڵزنێ ؟
کێ ئینجانەکانی شەوێی پڕکرد لەگوڵی ترس ؟
کێ زەمبیلەی وەرزەکانی پڕکرد لە تۆفان ؟
کێ گیرفانی دارستانەکانی پڕ کرد لەخەزان ؟
کێ پەنجەرەی پرسیاری بەبرووسکە دابێژا ؟
کێ دەستی تەزیوی منالّیی خستە ژێر چەناگەی گەرمی پیرییەوە ؟
کێ گۆرانیەکانی لەگەرووی پاساریدا زیندان کرد ؟
کێ فلوتە غەمگینەکەی بەلێوی "با" وە  فریودا
تا ئیتر گریان نەژەنێ ..  تاچیتر عەشق لێنەدا ؟
کێ مردنی هاندا سەرسوچی کۆلآنمان لێبگرێت ؟
کێ مێرولەی فێرکرد  خوبدەنە شیلەی شیعر؟
سێورێژ سەرهەڵدەبڕێت بۆ دوور دەنوارێ
رەوێك پەپولەدەبینێ بەسەرشانی چلێکەوە
فیکلانکۆ ئەکەن بۆ فڕین،
تەماشا ی پۆلێ کۆتر دەکات  بەئاسمانەوە
جۆجۆ ئەکەن لەگەڵ  مردنا..!
سێو رێژ
پرسیاری عەشق دەکات لە گەواڵە هەورێکی ئەسمەر
کەلە مەچەکی چەپیا
وێنەی دلێکی کون کونی بەباران کوتاوە،
کە بەهەڵمی هەناسەکانی خودا لەسەر دەرگای باخ
نووسیویەتی:
ئاه.. سێو رێژ چ گوناهێك رۆ دەکەیت..!
ئۆۆی.. سێو رێژ  چ غەدرێك
بەناوی گوڵەوە دەچێنیت ؟
سێورێژ.. لەژێر سێبەری فێنکی نائومێدیدا  رادەکشێ

بیردەکاتەوە  لەخەمی  تریَ.. لەمەکری هەنار..!
لەبەر خۆیەوە ئایەتێك دەخوێنیَ روونو رەوان،
دەست لەسەر دڵی دەنیَو
سوپاسی منالێك دەكا كە پێی دەڵیَ:
وای... سێو رێژ گویَ لەتەقینەوەی ناکاوی هەنارەکان بگرە ..!
سێورێژ
لادەداتە ژێر کەپرێکی مێو
کاسەیەك لەئاوی بەرسیلە دەگریَ
حەوشەی گەوەرەی چاوەڕوانی فێنك دەکاتەوە بۆ ئێوارانی پیرێتی ..
قۆخێك هەڵدەگرێتەوە لەبن جۆگەلەی خەونێکدا
دەیداتە کەروێشکێك
کە بەدەم فیکە کێشانەوە بەلایدا فرتە دەکا،
ئیتر هەستدەکا وەك چۆلەکەیەك سەخییە،
ماخۆلانیەتی وەك سمۆرەیەکی دارەوان..
دڵشادە وەك سێبەری دیوارێك
کە هاوینان  لەژێریدا
پێکەوە خۆیو تەنهایی لەسەر شان لێی رادەکشێن،
ئیتر پێکەوە.. گویَ لەخەیاڵی یەکتر دەگرن
پێکەوە.. بۆن بەخەونی یەکترەوە دەکەنو
بیر لەهەتاو دەکەنەوە
کەجار جار دێتو
سەرو پەرداخ تیشکیان بەش دەدات !
دەست رایەڵ دەکات بۆ شەمامەیەك
پڕی چنگی دەبێت لەبۆن ..
زەرنەقوتەیەك دەبینیَ حەزین
سێبەری شۆرەبیەکی راخستووە بۆ نوێژی نیوەرۆ...!
سێو رێژ  بەتولەرێیەکدا دێتەوە
ئاشنا بەرۆحی گژو گیا ،
لەو ناوەدا بۆنی فرینی خۆزگە دەکات ..
خشە خشی ئارەزوو دەبیستیَ ..
کۆتر دەبینیَ
دەنوکی سور بووە  لە مەمکی شاتودا،
هاژەی ئاوی رەنگاو رەنگ دەبیستیَ..

خاکی تەڕی دڵنیایی بۆن دەکا..

نمە شەونمی  شەرمن‌و تکاو

جریوەی رژاوی چۆلەکە دەچنێتەوە..

پیاوێك دەبینێ تائەژنۆی غەرق بووە لەناو رێحانەدا..

ژنێك دەبینێ گیرفانەکانی  پڕن  لە ئەستێرەو نەسیم..

منالێك دەناسێتەوە

منالی تەڕی  نێو خەونەکانی باخ

خەریکی رەسمکردنی هەرمێیەکە لەحەوزێکدا.

سێو رێژ سلاویان لێدەکات

دێتەوە یادی

جاروبار لەو حەوزەدا وێنەی مانگی دیوە لەسێو چووە..

جاروبار پۆرترێتی بارانی دیوە بەدیواری رەنگەوە

جاروبار دەنگێکی بیستووە لەقوڵایی ناو تەمەوە

بانگی کردووە:

هێی " سێو رێژ" چ  غەدرێك بەناوی گوڵەوە دەچێنیت؟

ئۆۆۆی... سێورێژ چ تاوانێك لەدەشتی بەراوی

خەیاڵدا دەچێنیت ؟